
# بەراوردێک لە نێوان دوو پرۆگرامی مولتی میدیادا

## JetAudio و Media player





پرۆگرامەکانی بڵاوکەرەوەی دەنگ و ڕەنگ گەلێکن، ئەرکەکانی گشتیان لەیەك شت دا کورت دەبێتەوە، خوێندنەوەی فایلە دەنگی و ڕەنگییەکان، بەڵام هەندێك لە پرۆگرامەکان تایبەتمەندی زیاتریان هەیە.

باوترین و سەرەکیترین پرۆگرامی بڵاوکەرەوەی دەنگ و ڕەنگ لە ویندۆزدا Windows Media Playerە، ئەو پرۆگرامە لە هەر ڤێرژنێکی نوێدا توانای نوێتر و زیاتر دەخاتە ناو پرۆگرامەکە. بەڵام هەندێك پرۆگرامی دیکە هەن کە تواناکانیان زیاترە لە ویندۆز میدیا پلەیر. یەکێك لە ناسراوترین ئەو پرۆگرامانەش، پرۆگرامی JetAudioیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین کە لە پرۆگرامی JetAudio دا هەیە و لە Media Player دا نییە.

1- Rip کردنی سی دی دەنگ لە پرۆگرامی میدیا پلەیر تەنیا بە فۆرماتی WMA و لە ڤێرژنەکانی نوێتردا فۆرماتی MP3یش Rip دەکات. (Rip وشەیەکی کۆمپیوتەرە بەمانای گۆڕین لە فۆرماتێکەوە بۆ فۆرماتێکی دیکە) بەڵام لە پرۆگرامی Jet Audio بە فۆرماتەکانی APE ، FLAC ، MP3،MPC،OGG. ریپ دەکات.

2- Convert کردن واتە گۆڕانکاری فۆرماتە دەنگی و ڕەنگییەکان لە میدیا پلەیردا نییە، لەکاتێکدا ئەو توانایە لە پرۆگرامی JetAudioدا هەیە، ئەو توانایە بۆتە هۆی ئەوەی کە پێویستیمان بە هیچ پرۆگرامەکانی گۆڕانی فۆرماتی دەنگ و ڕەنگ نەبێت.

3- تۆمارکردنی دەنگ یا Record لە ویندۆز میدیا پلەیردا نییە، بەڵام لە پرۆگرامی JetAudio دا هەیە، بەهۆی ئەو توانایەوە دەکرێ دەنگ تۆمار بکەی.

4- رایت کردنی سی دی یان Burn، راستە لە پرۆگرامی Media playerیش دا ئەو توانایە هەیە، بەڵام رایت کردنی CDیەکی دەنگ کە فایلەکانی فۆرماتی MP3بن، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ. چونکە Media Player لەسەرەتادا دەیانکاتە فایلی دەنگی و پاشان کۆپیان دەکات ئەمەش زۆر دەخایەنێ، کەچی لە پرۆگرامی Jet Audioدا بە ئاسانی هەر فۆرماتێك بێت لە ماوەیەکی کەمدا کۆپی دەکاتە سەر CD.

5- سڕینەوەی ئەو CDیانەی کە توانای سڕینەوەیان هەیە واتە CD-RW لە Media Player دا نییە، لە کاتێکدا ئەو توانایە لە پرۆگرامی JetAudioدا هەیە. (کلیك کر دن لەسەر فرمانی Burn و پاشان کلیك کردن لەسەر فرمانی Erase CD-RW).

6- دابەزاندنی داتای مۆسیقی لە ئەنتەرنێت لە پرۆگرامی Midya Playerدا بوونی نییە، لە کاتێکدا ئەو توانایە لە JetAudio دا هەیە.

7- چات کردن کە ئەو توانایە نە لە پرۆگرامی Media Playerدا بەڵکو لە زۆر پرۆگرامی دیکەی بڵاوکەرەوەی دەنگ و ڕەنگ دا نییە، کەچی لە پرۆگرامی JetAudio دایە.


8- میکس و تۆمارکردنی دەنگ کە ئەو توانایە لە پرۆگرامی Media Player نییە، بەڵام لە پرۆگرامی JetAudio هەیە.

9- سوود وەرگرتنی کەمتر لە RAMی کۆمپیوتەر. پرۆگرامی JetAudio کەمتر RAM داگیر دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی خێرایی کۆمپیوتەر. جگە لەو خاڵانەی ئاماژەمان پێدان چەندین خاڵی دیکەش هەن، بۆ نموونە بوونی ڕۆژمێر لە پرۆگرامی JetAudio و گۆڕان بە Taskbar و زۆر توانای دیکەش.





# ماوسێکی نەرم وەک مۆم



ماوس یەکێکە لە ئامێرە لاوەکییەکانی کۆمپیوتەر، شا کلیلی چوونە ناو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرە، لە ژمارەکانی رابردوودا وێنەی ماوسێکمان بڵاوکردەوە کە بە پێ ئیشی دەکرد، ئەمجارەیان داهێنەرانی ماوس، ماوسێکیان دروست کردووە کە وەك مۆم نەرمە بە ویستی خۆت دەکرێ فۆرم و شێوازەکەی بگۆڕی. راست وەك ئەو قەڵەم هەوێریانەی کە منداڵان یاری پێدەکەن و دیمەنی خوازراوی خۆیان دروست دەکەن. ماوسی جۆری Lite-on ماوسێکە کە بە ویستی خۆت شێوە و فۆرمەکەی دەگۆڕی. قەپێلکەکەی لە جۆری پلاستیکی نەرمی تایبەتە.



هەروەك ماوسەکانی تر دوو دوگمەی ئاسایی و دوگمەکەی سکرۆلی هەیە، ئەو دوگمانەش پاش گۆڕینی فۆرم و شێوازی ماوسەکە گۆڕانیان بەسەردادێت.
کێشی ئەو ماوسە زۆر سووکە.

## ماوسی وایەرلەیسی بێ باتری

کۆمپانیای Gizoo یەکێکە لەو کۆمپانیانەی کە زۆر لەمێژ نییە خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێرە لاوەکییەکانی کۆمپیوتەرە. نوێترین بەرهەمیشی ماوسێکی وایەرلەیسە کە پێویستی بە باتری نییە، وەك مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە شەحن دەبێتەوە. ئامێری بەڕێکەری شەپۆلەکانی ئەو ماوسە دەخرێتە ناو کەلێنی USBیەوە. ئەو ماوسە خۆی بە تەکنەلۆژیای بلوتوس کاردەکات. ماوسەکە بە جۆرێك دروست کراوە کە لەگەڵ هەردوو پەنجەکانی دەست دەگونجێ.





## ماوسێکی تایبەت بە خانمان

دوو رەگەزی نێرومێ واتە ژن و پیاو، هەرچەندە پێکەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێك دێنن، بەڵام جیاوازی بۆچون و کرداریان زۆرە و تەنانەت ئەو جیاوازییە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەریشی گرتۆتەوە، ئێستا مۆبایلی خانمانە هەیە هەروەها و ئامێرەکانی Ipod و MP3playerیش تایبەت بە خانمان هەیە. بەم مەبەستە کۆمپانیای Solid Alliance ماوسێکی بەرهەمهێناوە کە تایبەتە بە خانمان، کە سەیری ماوسەکە دەکەی نازانی لە خشڵ و مەرجانەکەی وردبییەوە یان ئیشی پێبکەی. ئەو ماوسە زیاتر رواڵەتییە واتە بۆ کارکردن زۆر شیاو نییە، چونکە قەوارەکەی زۆر گەورەیە. نرخەکەشی بە بەراورد لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەی کۆمپیوتەر بەتایبەتی بە ماوسەکانی هاوشێوەی خۆی زۆر گرانە. (130 دۆلار.

# چۆنییەتی قفڵ کردنی کیبۆرد لە منداڵ Child lock

هەمووومـــان باش دەزانین کە منداڵ زۆر حەزی لە فێربوونە، بەڵام چونکـــە تەمەنەکەی کەمە ڕەنگە زۆرجـــاران بە نرخی فێربـــوون ئامرازەکان تێکبدات. یەکێك لەو ئامێرانە کۆمپیوتەرە، هەرچەندە کۆمپیوتەر خۆی زۆر لە خزمەتی منداڵ دایە و زۆر پرۆگرامی تایبەت بەوانی هەیە، بەڵام ناکرێ دەستکاری هەموو شـــت بکەن، بۆ ئەم مەبەستە و داخستنی ئامێری کۆمپیوتەر، مایکرۆسۆفت و چەند کۆمپانیایەکی دیکە پرۆگرامی تایبەت بە قفڵی منداڵیان هەیە. بۆ ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکەمان تووشی گرفت نەبێت ئاســـانترین شـــێواز، قفڵ کردنی کیبۆردی کۆمپیوتـــەرە کە بۆ ئەنجامی ئەم چەند قۆناغە بگرنە بەر.

1- کلیلی Shift ی لای ڕاستی کیبۆرد بۆ ماوەی 8 چرکە دابگرە.

2- دوای بیســـتنی دەنگێـــك یان بیپێك، پەنجەرەیـــەك دەکرێتەوە کە پێویســـتە OKی هەڵبژێری. بەم جۆرە هەموو کلیلەکانی سەر کیبۆرد دادەخرێن و لەکار دەکەوێت.

3- ئەگەر ســـەرەنجتان دابێـــت، دوای ئەنجامی ئەم کردارە لەســـەر شـــریتی تەســـك بار لە (تەنیشـــت کاتژمێر) وێنەی کاتژمێرێك بەدیاردەکەوێت کە ئەویش دەتوانی بە دوو جار کلیلك (دەبل کلیك) لەســـەر هێمای چوارگۆشـــەی use filter keys بکە. ئەوکاتە دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی خۆی و کیبۆرد ئەکتیڤ دەبێتەوە.

شـــێوازێکی ســـاناتریش بۆ ئەم کارە (ئەکتیڤ کردنی کیبـــۆرد) هەیە کـــە ئەویش کە دیســـان جارێکی تر دوگمەی Shift بـــۆ ماوەی 8 چرکە دابگرە تاکـــو بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی سەرەتایی خۆی.



ئا: کەمال عەبدوڵڵا حەسەن

## هەرزانترین مۆبایلی جیهان



دوای ئەوەی کـــە کۆمپانیایەکی هینـــدی هەرزانترین ئۆتۆمبێلی لە جیهاندا دروســـت کرد، بە نرخی (2500) دۆلار "25 وەرەقـــە" کۆمپانیایەکـــی دیکەی هیندی کە بەرهەمهێنـــی مۆبایلە، هەرزانتریـــن مۆبایلی لە جیهاندا هێنایـــە بەرهـــەم کە نرخەکـــەی کەمترە لـــە 20 دۆلار. کۆمپانیـــای هینـــدی Bombay spice ڕای وایە، مۆبایـــل ئامێرێکە کـــە زیاتر لە نیوەی کەســـانی جیهان سوودی لێوەردەگرن، بەڵام گرفتی سەرەکی مۆبایل لەوەدایە کە گرانباییە و بە چینی هەژار و کەمدەرامەت ناکڕدرێ. هەربۆیە ئەم مۆبایلـــە هێناوەتە بەرهەم، ڕەنگە بەهۆی ئەو مۆبایلـــەوە خەڵکی زۆربەی وڵاتە هـــەژارەکان ببنە خاوەن مۆبایل.

## ڤیدیۆ پرۆژەکتۆرێکی بچووک

ڤیدیۆ پرۆژەکتەر ئامێرێکە کە بۆ نمایشـــکردنی فیلمی ڤیدیۆی و وێنە و دوکیۆمێنت ســـوودی لێوەردەگیرێ، بە زۆر ئەو ئامێرە بۆ نمایشکردنی وانەی ڕاڤەکاری لە شوێنە گرنگیـــەکان ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ. چەند ســـاڵێك دەبێت شوێنی سینەماشی گرتۆتەوە.

قەوارەی ڤیدیـــۆ پرۆژگتۆر بە جۆرێکە کە وەك مۆبایل هەڵناگیـــرێ و بەقەد قەوارەی لاپتۆپێـــك دەبێت، کەچی ئێســـتاکە لەلایـــەن کۆمپانیـــای سامســـۆنگەوە ڤیدیۆ پرۆژکتۆرێك بەنـــاوی BMP-100 هاتۆتـــە بەرهەم، ئـــەو ئامێرە قەوارەکـــەی بەقەد مۆبایلێکە و بە ئاســـانی هەڵدەگیرێ. توانای نیشاندانی وێنە و دیمەنەکانی لە سەر پەردەی 20 ئینجی دا هەیە.



## کامێرایەکی میدالیا



کامێرایەکی بچووک کە لەوێنەکەدا دیارە بەناوی CMOS لەلایەن کۆمپانیایەکی چینی بڵاوکراوەتەوە. قەوارەی کامێرا تەنیا 4 سم لە 6 سم دایە، دەکرێ وەك میدالیایەك لە جێگای سویچ بخرێ. ئەو کامێرایە بەهۆی بچووك و کێش کەمی بۆ گەشت و گوزار زۆر گونجاوە، رەنگە وەك دیاریش بۆ دۆستان باش بێت. دیقەی وێنەکانی 640×480 پیکسیلە. فۆرماتی وێنەکانی JPEGیە. توانای رێکخستنی ئۆتۆماتیکی فلاشی هەیە. جگە لەوەش فلاش میمۆریشی تێدایە کە 16 میگابایتە. لەگەڵ زۆربەی ویندۆزەکانی کۆمپیوتەر دەگونجێت.

## کامێرایەک رێنماییە بۆ گەشتیاران

کیبۆردێك بە کۆمەڵە دوگمەیەکی تایبەتەوە


کۆمپانیای فراسو یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی ماوس و کیبۆرد، نوێترین کیبۆردی هێنایە بەرهەم کە تایبەتمەندییەکانی لە کیبۆردە ئاساییەکان جیاوازە.

مۆدێلی FCR-8850 نوێترین کیبۆردی ئەم کۆمپانیایە، کە لە کۆمەڵێك دوگمە پێکهاتووە، 17 دوگمە تایبەتن بە پرۆگرامەکانی Office، 71 دوگمە بۆ فرمانەکان. 10 دوگمە تایبەتن بە ئەنتەرنێت و 8 دوگمەی تریش کۆمەڵە فرمانێك جێبەجێ دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەو کیبۆردە 123 دوگمەی هەیە.

کیبیۆردی ناوبراو جگە لەو دوگمانە کەلێنێکی تایبەتی بە کێبڵی USB هەیە و لەگەڵ گشت ویندۆزەکانی مایکرۆسۆفت دەگونجێ و کێشەکەی 700 گرامە.



## دابەزاندنی فیلمێکی سینەمایی لە دوو چرکەدا



توێژەرانی کۆریای باشوور، سیستەمێکی وایەرلەیسیان دروست کە بە نەوەی چوارەم ناسراوە و دەتوانێ داتاکان بە خێرایی 6/3 گیگابایت لە چرکەیەکدا دابەزێنێ.

بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵی یوناتید پرێس لە سئولی پایتەختی کۆریایەوە، توێژەروانی ئەلکترۆنی و گەیاندن سیستەمێکی وایەرلەیسیان بە جۆرێك پەرەپێداوە کە دەتوانێ فایلێکی چوار و حەوت گیگابایتی لە کەمتر لە دەقە و نیوێکدا دابەزێنێ.

هەتاکو ئێستا باشترین سیستەمی وایەرلەیس دەیتوانی بە خێرایی سەد میگابایت لە چرکەیەکدا دابەزێنێ، سیستەمی پێشوو فیلمێکی تەواو لە ماوەی نزیکەی خولەکێکدا دادەبەزاند. بەڵام ئەم سیستەمە پێشکەوتووە دەتوانێ ئەو کارە لە ماوەی دوو چرکەدا بکات.